
Staffordshire and Stoke-on-Trent Integrated Care System

NHS

# LeDeR- فێربوون لە ژیان و مردنی کەسانێک کە ناتوانی و کەمئەندامیی فێربوون و کەسانێک کە ئۆتیزمیان هەیە (LeDeR)





زانیاری بۆ خوێندنەوەی ئاسان

# LeDeR چییه؟



LeDeR بەرنامەیەکی NHSە کە مەبەستی باشترکردنی خزمەتەکان بۆ ئەو کەسانەیە کە ناتوانی و کەمئەندامیی فێربوون و کەسانێک کە ئۆتیزمیان هەیە.




LeDeR ساڵی 2017 دەستی پێکرد و "NHS ئینگلاند" و "NHS باشترکردن" (NHS Improvement) پارەی دامەزراندنەکەیان دابین کرد



LeDeR یەکەم بەرنامە لە دنیادا بوو کە سەرنجی دەخستە سەر مردنی ئەو کەسانەی کە ناتوانی و کەمئەندامیی فێربوونیان هەبوو.

LeDeR ئەم کارانە دەکات:



- چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی باشتر دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانی و کەمئەندامیی فێربوون و کەسانێک کە ئۆتیزمیان هەیە.



- ڕێگری دەکات لە مردنی زووی خەڵک بە باشترکردنی چاودێری.



- نایەکسانیی تەندروستی کەمدەکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانی و کەمئەندامیی فێربوون و کەسانێک کە ئۆتیزمیان هەیە.




نایەکسانیی تەندروستی ئەو جیاوازییە نادادپەروەرانەن کە لە بواری تەندروستیدا بوونیان هەیە و دەکرێ پارێزیان لێبکرێت.

# پێداچوونەوەکانی LeDeR



پێداچوونەوەی LeDeR ئەو شتانە دەپشکنێ و سەرنجیان دەخاتە سەر کە لە چاودێریی تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا بەسەر کەسەکەدا هاتووە.

ئێمە پێداچوونەوەی LeDeR ئەنجام دەدەین بۆ:




- دۆزینەوەی ئەو شتە باشانەی کە لە چاودێریی کەسەکەدا ڕوویانداوە.



- ئەوەی کە بزانین خزمەتەکانی تەندروستی و چاودێری لەکوێدا دەکرێ باشتر بکرێن

ئێمە نموونەی ئەو شتە باشانەی کە ڕوویانداوە لە هەموو پارێزگاکەدا بڵاوی دەکەینەوە.




## چۆن ڕایبگەیەنم و ئاگادری بدەم کە کەسێک مردووە؟

هەر کەسێک دەتوانێت ئەو فۆڕمە ئۆنلاینەی خوارەوە بەکاربهێنێت بۆ ڕاپۆرتکردنی مردنی کەسێک کە:

- تەمەنی 18 ساڵ یان زیاتر بوو، و
- ناتوانی و کەمئەندامیی فێربوون یان ئۆتیزمی هەبووە.





پڕکردنەوەی فۆڕمەکە نزیکەی 15 خولەکی پێدەچێت.

www.leder.nhs.uk/report



بۆ ڕاپۆرتکردنی مردنی منداڵێک یان گەنجێکی خوار تەمەنی 18 ساڵ، تکایە سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

www.gov.uk/government/publications/child-death-reviews-forms-for-reporting-child-deaths

# زانیاریی زیاتر

دەتوانی لەسەر ماڵپەڕی NHS بە ناونیشانی www.leder.nhs.uk ان لە سەر ئەم لینکە www.leder.nhs.uk/?view=article&id=69:leder-leaflet-for-families-english زانیاریی زیاتر سەبارەت بە LeDeR بەدەست بهێنیت.



بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی ڕاپۆرتکردنی مردن، تکایە ئەم ڤیدیۆیە ببینن: www.youtube.com/watch?v=iVYWqAjahv8&t=153s

ڕاپۆرتی ساڵانەی نیشتمانی:
www.leder.nhs.uk/resources/annual-reports

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بەرنامەی ناوچەیی LeDeR، تکایە پەیوەندی بکەن بە ناونیشانی ئیمەیڵی

leder.programme@nhs.net



سپاس کە کاتت دانا و ئەم نامیلکە بچووکەت خوێندەوە.

هەموو وێنەکان مافی کۆپیڕایتی Changeیان بەسەرەوەیە www.changepeople.org